## ئەلبومێکی گۆرانی لەکەنەدا بەرهەمدێنرێت و لەکوردستان ناتوانرێت بڵاوبکرێتەوە !

هونەرمەند سەرکەوت نامیق کە لەدایکبوویساڵی ١٩٦٩ یە و ئێستا دانیشتووی وڵاتی کەنەدایە, ئەلبومێکی گۆرانی بەرهەمهێناوە کە لەشەش گۆرانی پێکهاتووە و واچاوەرواندەکرا کە بەم زووانە بڵاوی بکاتەوە, بەڵام لەپەیوەندییەکی (هارمۆنی) دا بە هونەرمەندی ناوبراوەوە وتی " لەبەرئەوەی تا ئێستا لایەنێك نییە ئەرکی بەرهەمهێنان وبڵاوکردنەوەی ئەم ئەلبومەی بگرێتە ئەستۆ , بۆیە رەنگە بڵاوی نەکەمەوە" .

بەهەرحاڵ سەرکەوت ئێستا سەرگەرمی بەکلیپکردنی دوو گۆرانییە , یەکەمیان گۆرانی (جوانی مەیگێڕ) کە کەناڵی کوردسات بەرهەمی دەهێنێت و سیناریۆی هونەرمەند (شیلان جەبار) ی هاوسەرێتی و دووەمیان گۆرانی (لەبەختی تار) لەسیناریۆی هونەرمەند (هۆرێن غەریب) ەو لەکەناڵی ئاسمانی کوردستان بەرهەمدەهێنرێت .

ماوەتەوە بڵێین بەرهەمەکانی ئەم ئەلبومە تێکستی شاعیران ( مەحوی ونالی و گۆران و حەسیب قەرەداغی) یە , و تەواوی ئاوازو ئامادەکردنی میوزیکیش بەرهەمی دەست وپەنجەی رەنگینی مامۆستای پایەبەرز (حەسەن یوسف زەمانی) یە , جێی ئاماژەپێدانە کە مامۆستا (یوسف زەمانی) خاوەنی چەندین بەرهەمی بەپێزە لەهەفتاکاندا بەتایبەتی بەرهەمەکانی هونەرمەند مەزهەری خالقی .





## پاش یارییەکانی مۆندیال سیدییەکەی بڵاودەکاتەوە

هونەرمەندی گۆرانیبێژ حامد حامیدیان کە بۆ ماوەی ساڵێکە لە خۆ ئامادەکردنی یەکەم ئەلبومییەتی کە ٨ گۆرانی لە خۆ دەگرێت، کە ٣ گۆرانیان لە تاران تۆمارکردووە و هونەرمەند(بەردیا سوهرابی) کاری دابەشکردنی بۆ کردووە و ٥ بەرهەمەکەی تریشیان لە سلێمانی لە ستودیو( سەفین ساوەند) تۆمار کراوەو و هونەرمەند (سەفین خاراجیانی) کاری دابەشکردنی بۆ کردووە، حامد دەڵێت:"سوپاسی هەموو ئەو دڵسۆزانە دەکەم کە یارمەتیدەرو هاوکاری ئەم بەرهەمەم بوون و بە هیوام پاش یارییەکانی موندیال سیدیەکەم بڵاو



## دوا فیلمی دەرهێنەر مەهدی ئومێد لە سلێمانی نمایش دەکرێت

لەلێدوانێکیدا بۆهارمۆنی(مەهدیئومێد)ی دەرهێنەر وتی:"لەهەفتەی ئایندەدا فیلمەکە دەگاتەوە کوردستان ئەمەیش لەدوای تەواوبونیهەندێك ووردە ئیشی کۆتایی کە ماویەتی".

ناوی فیلمەکە(ساڵەهای تەمەنی شەوێك)ە وباس لەکێشەی ماڵە کوردێك دەکات لەشاری کەرکوك کەدوای چەندساڵێك لەدەرکردن وتەرحیل کردنیان لەکاتی پرۆسەی ئازدی عێراق دووبارە بۆشارەکەی خۆیان دەگەرێنەوەو دەرخستنی کێشەو گرفتە مرۆییەکان و پیشاندانی مرۆڤدۆستی کورد لە کێشەکاندا، شایەنی باسە ئەم فیلمە لەناوکوردستاندا بەرهەمێنراوەو لەستۆدیۆکانی تاراندا مۆنتاژو کارە هونەرییەکانی تری بۆ کراوەو بۆ یەکەمجار لەهۆڵە سینەماییەکانی سلێمانی نمایش دەکرێت



## نەریمان بەدوای کۆمپانیایەکدا دەگەرێت تا ئەلبومەکەی بداتێ

تایبەت بە هارمۆنی: هونەرمەندی گۆرانیبێژ نەریمان لە دوا هەنگاوەکانی تەواو کردنی ئەلبومە نوێیەکەیایەتی.

نەریمان بە هارمۆنی راگەیاند کە ئێستا لە قۆناغی ماسترینگ و تەواو کردنی ئەلبومە نوێیەکەیەتی و بە دوای کۆمپانیایەکیشدا دەگەرێت تا ئەلبومەکەی بداتێ.

ئەم گۆرانیبێژە پێیخۆشە ئەلبومەکەی ئەمجارەی لە کوردستان بڵاو بکاتەوەو و وتی:"ئێستا بە دوای کۆمپانیایەکدا دەگەرێم تا ئەلبومەکەی بدەمێ و بڵاویبکاتەوە، بەڵام حەز دەکەم ئەمجارە لە کوردستان بڵاویبکەمەوە"، بەڵام ناوبراو ناوی ئەلبومەکە و ژمارەی گۆرانییەکانی نەدرکاند.



## بەرهەمەکانی(میکائیل و زیاد و کانی) بەم زوانە بڵاو دەکرێنەوە

تایبەت بە هارمۆنی:

وا بریارە بەرهەمی هەریەك لە هونەرمەندانی گۆرانیبێژ(میکائیل و زیاد و کانی) لە مانگەکانی(تەمووز و ئابی)ئەمساڵدا بڵاو بکرێنەوە.

لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی هارمۆنی موزیسیان سەفین ساڵح بەرێوەبەری بەشی بەرهەمهێنانی هونەری رادیۆی

نەوا رایگەیاند کە بەرهەمی نوێی هونەرمەندان(میکائیل و زیاد ئەسعەد و کانی)لەلایەن بەشی بەرهەمهێنانی نەواوە کردراون لەم مانگە و مانگەکانی ئایندەدا دەکەونە بازارەوە.

سەفین ئاماژەی بەوەدا کە بەرهەمەکەی(میکائیل) ناوی(دواین ئەوین)ە و بەرهەمەکەی(زیاد)یش ناوی(سوێند)ە.

پێشبینی ئەوەیکرد کە لەم مانگەدا بەرهەمەکەی(میکائیل) بڵاو بکرێتەوە و دوا بەدوای ئەوەش بەرهەمەکانی(زیاد ئەسعەد و کانی)بڵاوبکرێنەوە.

## دووگۆرانی نوێی عوسمان عەبدوڵا

هونەرمەند عوسمان عەبدوڵابە هارمۆنی راگەیاند کە سەرقاڵی دووگۆرانییە بە شێوازێکی زۆر هونەرییانە، لەستۆدیۆی چوارچرا کاری تۆمارکردنی بە ئەنجام گەیاندووە یەکەم گۆرانی بەناوی (پیاڵەیەك لەمن)کەهۆنراوەی هەردی قادرو ئاوازی خۆیەتیو ئامادەکردنی موزیکیش هێمن حوسێن پێی هەستاوە.

گۆرانی دووەم بەناوی (دلۆرابە)کەبە شێوەزاری کرمانجییە هۆنراوەی ئەحمەدی خانی وئاوازی خۆیەتی وئامادەکردنیمۆزیك (زانائەنوەر)ە



## (گوڵەکانی پرچی حەبیبە) نوێ دەبنەوە

تایبەت بە هارمۆنی: گروپی موزیکی نالی پاش ٨ ساڵ کارکردن یەکەمین ئەلبومی گۆرانی خۆی بڵاو دەکاتەوە.

(گوڵەکانی پرچی حەبیبە)نوێترین و یەکەمین ئەلبومی گروپی موزیکی نالییە پاش نزیکەی ٨ ساڵ کارکردن لە بواری موزیك و گۆرانی.

ئەندامێکی دەستەی دامەزرێنەری ئەو گروپە بە هارمۆنی راگەیاند کە گروپەکەیان کارەکانی یەکەمین ئەلبومی تەواو کردووەو ئاشکراشیکرد کە ئەلبومەکەیان ناوی(گوڵەکانی پرچی حەبیبە)یە و ٨ گۆرانی و ٢ پارچە موزیکی لەخۆگۆتووە.

ئەو ئەندامە روونیکردەوە کە گۆرانییەکان لەلایەن گۆرانیبێژان(شوان قەرەداغی و رێبین جەمال) و بەشێکیشیان بەشێوەی کۆمەڵ گوتراون.

